نووسینی د . زاهیر سوران .
11 ئەیلولی 2004 .

# ناوپۆشە سۆی دڵ
# (Endocarditis)

بریتییە لەو هەوکردنانەی تووشی ناوپۆشی دڵ ، زمانە و بۆریە گەورەکانی دڵ دەبێت . هەندێك شارەزا لەم بوارەدا دەبێژن کە زۆرداران هەوکردنەکە تەنیا زمانەکانی دڵ دەگرێتەوە و بە دەگمەن ناوپۆشی دڵ دەگرێتەوە . بە مانایەکی دی دەتوانین بڵێین کە هەوکردنەکە جۆرێکی تایبەتی ژارین ە . ئەوەی شایانی باسە پێش دۆزینەوەی ئەنتیبایۆتیك کاتێك شاخوێنبەر و بۆریەگەورەکانی دڵ تووشی سۆ دەبوون لە 100٪ ی بارەکاندا نەخۆش دەمرد . هۆی بەرزی ڕێژەی مردن دەگەڕایەوە بۆ سەرچاوەی هەوکردنەکە دەکەوێتە سەر ناوپۆشی دڵ و زمانەکانی دڵ.

## هۆزانی

هۆی هەوکرنەکە دەگەڕێتەوە بۆ:

* بەکتریا بریتین لە:

– ئەلفا سترێپتۆکۆکەسەکان

– ستافیلۆکۆکەسەکان .

– ئێنتێرۆکۆکەکان .

– ستێپتۆکۆکەسە هێمۆلیتیکەکانی A,B,C,F,G

ستافیلۆکۆکەسی ئاوریۆس ،ستریێپۆکۆکەس هێمۆلیتیك و پنیۆمۆکۆك دەبنە هۆی هەوکردنی کوتوپڕ .

میکرۆئۆرگانیسمەکانی دی دەبنە هۆی باری ژێرتوند .

* فونج

*ریکێتیس

* ڤایرۆس ئەم ڤایرۆسانە دەتوانن هەو بە دیواری ناوەوەی دڵ بکەن,CMV, Coxsacki B virus, Influenza A,B, EBV

,HIV هاوکات تۆکسۆپلاسما ، مایکۆپلاسما و کلامیدیای Trypanosoma cruzi , Psittaci بینراوە .

## پەتازانی

ئەوەی شایانی باسە سۆ کە بەڕێژەی جیاواز لە هەموو جیهاندا بلاوە . بە ولاتە پێشکەوتووەکاندا بۆ نموونە سوێد لە یەك ملیۆن کەسدا تەنیا 50 کەس تووشی ئەم سۆیە دەبن . وەلی لە وولاتانی جیهانی سێیەمدا ڕێژەکە زۆر زۆرترە ، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی باری ئابوری ، زانستی و نوژداری و ڕۆشنبیری لە سوێددا . ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە بە پێی جۆری میکرۆئۆرگانیسمەکە نیشانەکان جیاوازە . ئەمەش کاردەکاتە سەر شێوەی چارەسەرکردن پێش ئەوەی پزیشك ئەنجامی چاندنی میکۆئۆرگانیسمەکە وەربگرێت . ئەوەی ڕاستی بێت 2 مانگ پێش نەشتەرگری زمانەکانی دڵ لە 33٪ ی نەخۆشەکان تووشی ئەم سۆیە دەبن . لە کاتی هەکردن بە S.epidermidis دا سۆ کە کەمێك گیروگرفت پەیدا دەکات .

## جۆرەکانی سۆکە

### 1– جۆری کوتوپڕ

لە ناکاونیشانەکان دەردەکەون , تا زۆر بەرزە و لە سەروو 40 پلەوەیە ، لەرزوتا زۆر بەهێزە ، گۆرانکاری لێدانی دڵ ، ناتەواوی خێرایی و ناچوستی دڵ ، تێستی خوێنی CRP زۆر بەرزە . زۆرجاران لە چەند ڕۆژێکدا یان لە چەند هەفتەیەکدا نەخۆش دەمرێت . لە 50–80٪ ی بارەکاندا هۆی سۆکە دەگەڕێتەوە بۆ S. aureus .

## 2- ژێر کوتوپڕ

لەم بارەدا نیشانەکان لە سەرخۆ دەردەکەون . تا مامناوەندییە بە دەگمەن دەگاتە 39 پلە ، شەوئارەقەکردنەوە ، ماندوویی ، تێستی خوێنی CRP زۆر بەرزە . نەمانی ئیشتیهای خۆراک خواردن . هاوکات ژانە ماسولکە و دەرکەوتنی گۆرانکارییەکانی سەر پێست دەردەکەون . لەوانەیە سۆکە 3-6 مانگان بخایەنێت . گەر هۆی سۆکە S. epidermidis بێت ئەوا لەوانەیە سۆکە نزیکەی یەک ساڵ بخایەنێت . لەم بارەدا و لەکاتی تێڕوانیندا پزیشك گوێی لە وژەیەکی تایبەتی دڵ دەبێت .

### دەستنیشانکردن

- نیشانەکان و گۆرانکارییەکانی لێدان و گوێگرتن لە دڵ .
- هەرکاتێك نەخۆش ماوەی 7 ڕۆژ تادار بوو بێئەوەی هۆی تا بزانرێت پێویستە پزیشك گومان لە ناوپۆشە سۆی دڵ بکات .
- چاندنی خوێن (پێویستە لە 3 شوێنی جیاواز خوێن وەربگیرێت پێش ئەوەی دەست بە چارەسەر بکرێت)
- تێڕوانینی سورێنچك لەم بارەدا زۆر هەستدارە .

### چارەسەرکردن

- بۆ ئەلفا سیتێپتۆکۆکەسەکان پێویستە 2 هەفتە Benzyl Penicillin لە گەڵ ئەمینۆگلیکۆسیدەکاندا بۆ 2 هەفتە بدرێت بە نەخۆش .
- بۆ ئینتێرۆکۆکەسەکان 4-6 هەفتە PG , یان (Ampicillin) لە گەڵ ئەمینۆگلیکۆسیدەکاندا بۆ 4 یان 6 هەفتە بدرێت بە نەخۆش .
- لە کاتی S. Aureus دەبێت (Isoxazol PC) بۆ 4-6 هەفتە، لە گەڵ ئەمینۆگلیکۆسیدەکاندا بۆ 1 هەفتە بدرێت بە نەخۆش .
- لە کاتی S. epidermidis دەبێت (Isoxazol PC) بۆ 4-6 هەفتە بدرێت بە نەخۆش .

لە گەڵ ریفامیسین بۆ 4-6 هەفتە و ئەمینۆگلیکۆسیدەکان دا بۆ 2 هەفتە بە یەکەوە بدرێت بە نەخۆش.

- ئەمینۆگلیکۆسیدەکان بریتین لە: تۆبرامایسین ، جێنتامایسین ، سپێکترۆمایسین ،ئەمیکاسین و نێتیلمیسین .

گەر پزیشك گومانی کرد هۆی سۆ کوتوپڕەکە ستافیلۆکۆکەس ئاوریۆس ، سترێپتۆکۆکەسی هێمۆلیتیك یان پنیۆمۆکۆکەس بێت ئەوا دەتوانین لە خوێنهێنەرەوە ڕۆژانە 6 گم Cefuroxim=Zinacef دابەشبکرێت بە 3-4 ژەمدا لەگەڵ (Aminoglycosid=Garamycin=Nebcina=Netilyn) بە ڕێژەی 1,5 mg/kg x3 بدرێت بە نەخۆش .

### سەرچاوەکان


1- د . زاهیر سوران ، نەخۆشییە درمەکان ،بەشی بەکتریاکان ، بەشی پینجەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی- کوردستان ، 2004 .

References

1.Kaye D (ed) infective endocarditis, 2 edition, Rarens press, NW. 1992.

2.Stanford T.Shulman, John P. Phair, Lance R. Peterson, John R. Warren. The biologic and clinical basis of infectious Diseases. London 1997.

3.G. Friman, Från Iwarsson –Norrby, infektionsmedicin, klinik och terapi, Sove Förlag 1998. 414-420.

4. Anna-Stina Malmber , septikemi och endokarit, från Arne Forsgren, Gran Kronvall, Klinik Bakteriologi, Studentlitteratur, Lund. 1996, 211-220.

5.Lars Olaison, Endokatit ;infektis, Infektionkliniken/SU/STRA Sjukhuset och Ragnar Norrby, Smittskydsinstitutet/Solna.uppdaterat 12.09.03. www.internetmedicin.se